# مردن

**بچوکترین زیندەوەر و گەورەترین گیاندار بێجگە لە خودای تاك و تەنیا و نەمر چۆن هاتە ژیان ئەوهاش بەجێی دێلی، مردن جیاوازی ناکا لە نێوان کۆرپەڵە و پیر و دەبەنگ و چیر پاشا و گەداو میر و مێشوولە و مریشك و مشك و کتك و کسۆك و گورگ و گوێدرێژ و فیل و کەرکەدەن و ماسی و نەهەنگ، هەموویان وەك یەك دەمرن.**

**من دەمگوت نەتە بەرنادەم وازوو مۆتەکەی مەلەك سواری ملم نابێ، دامنابوو گری گرکان و شەپۆلە شێتەی لافاوی هار کپ دەکەم، کەچی مێشوولەی مەرگ لەسەر لووتم نیشتەوە، نەبەرچاوم بەردەدا تا لەگەڵ تاڵی و شرینی ژیان بگونجێم نە گیان دەردەچێ تا لە دەست ژانی ژیان بحەسێمەوە. من مردنم خۆش دەوێ کە یەکێك دەمرێ جێگە بۆ یەکێکی تر چۆڵ دەکا، ئەوەی بە درێژایی تەمەنی بە شەکەتی و چەرمەسەری چیان کۆی کردۆتەوە لە پاشی بەجێ دەمێنی، چ ئەوەی لەگەڵ خۆی دەیباتە ناوگۆڕ شەش مەتر شاخبێزی و تۆمارگەی کردەوە چاکەکانی یان بەدکارییە خراپەکانی لەگەڵ دەچێتە ناوگۆڕ.**

**حەزم دەکرد ئەوەی پلانم بۆ دانا و ئەنجامی بدەم، بەلاّم زۆری زۆریم بۆ نەکر، ئەمن ئەوە شەش ساڵە ئەو مێشوولەیە لەسەر لووتمە، ناتوانم دەری بکەم، لەسەر پشت راکشاوم گوێم تەپە، چاوم کزە، زمانم گەپە و دەگیرێ، هەلبەتە لەو جۆرەکردەوانەش هەڵەی زۆر روودەدا. داوای لێبووردن دەکەم.**